# بیرەوەریەکانم

F

فایق جەمیل

شێخ نورەدین – برای مەلای گەورە " مەلا محەمەدی جەلیزادە " کەم وزۆر پاش کۆچی دوایی شوێنی لە مزگەوت گرتەوە ، مرۆڤێ زۆر لەسەرە خۆو قسەخۆش وبەرێز دەستی ئەدەبی هەبووەو ئەدەب دۆست بو ، لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکان لە سەدەی رابوردو چەند جارێ بە خزمەتی گەیشتووم ، بەیانیێ تاریك وروون بەقەد هەییەت سوڵتان دەکەوتم بەرەو چنارۆك هەستم کرد گاشەبەردم بۆدێت بەردی گەورە گلۆر دەبیتەوە بەراستی ترسم لێ نیشت بەسەرخۆم نەهیناو بەردەوام بووم لە سەرکەوتن تا گوێم لێ بوو یەك دەڵێ " کەسی کاکی سەرکەوە لای مامت " شێخ نوری پێش من بەماوەیەك سەرکەوتبوو بە یەکەوەگەیشتینە چنارۆك بۆ قاوڵتی بەیانی لای کەپرەکانیماڵی خۆیان گلێ دامەوە ، لەم بروایەم لەم سەردەمە بە دەگمەن یەکێ لە تەمەنی ئەوسام – تەنانەت پیاو – لە تاریك وروونی بەیانی بەتەنیا بێ چەك وسیلاح بەقەد چیا بکەوێت ، هەرلەم ساڵانە شەوێ لە خزمەتی بووین لە ماڵی براگەورەم بە بۆنەی سەردانی بۆ رانیە لەم شەوە گەڵێ مامۆستاو کۆیی ودۆستان لەخزمەت شێخ ئامادەبوون ...

کوری گەورەی مامۆستا عەبدولەجید مرۆڤێ رێزداروقسە خۆش و نشتمان وکورد پەروەر لە یادمە لە پۆلی شەشەم لە دەرسی مێژوو شۆرشی گەڵی فەرەنسای ساڵی 1789 دژ رژیمی ئەوسای فەرەنسای دەگۆتەوە و روخانی پاشایەتی وئیعدامی پاشاو وهاوسەری لەلایەن گەڵی فەرەنسا بۆ یەکەم جار دامەزراندنی کۆماری فەرەنساوهەڵوەشانەوەی بەندیخانەی " باستیل " وبەردانی هەزاران گیراوبەندکراوانی سیاسی و بیرو بروا مامۆستا زۆر درێژەی بە بابەتەکە دەدا بەچەند وانەیەك تەواو دەبو گەرچی لە کتێبەکەمان یەك دوو پەرە بوو ، وابەجۆش وبەدڵ ئەم دەرسەی دەگۆتەوە وەك شۆرشەکە لە ناو پۆڵەکەمان هەڵگیرسا بێ ، ئێمەش گەرم دەبوین هەستی نەتەوەیی وشۆرشگێری لێمان دەتکایەوە ، بەراستی وانەی مێژوو لامان زۆر خۆش بوو بەتایبەتی لەلایەن مامۆستا مەجید . ئەمجەدی کوری لە پێش من بە دووساڵ لە – خانەی مامۆستایانی باڵا – دارالمعلمین العالیە – دەرچو پیاوێ روح سوك ومەسرەف خۆش و بەرێز چەند ساڵێ بە یەکەوە لە هەولێر لە قوتابخانەکانی ناوەندی وئامەدەیی بووین ، ئەوەندەی ئاگاداربم لەساڵانی دوایدا – فەرمانی سەرپەرشتی پەروەردەی لە – بەرێوەبەرایەتی پەروەردەوزانست – لە هەولێر پێراسپاردرا .

محەمەد عەلی برای تا ئەم ساڵانەی دوای بەرێوەبەری – بەرێوەبەرایەتی شارەوانی – کۆیە بوو ، بە بۆنەی ناوبردنی شارەوانی کۆیە – مەلا فەتاح – بەرێوەبەری چەندین ساڵ شارەوانی کۆیەم هاتە یاد فەرمانبەرێ راست و دڵسۆز لە ئاست ماڵی گشتی ومیری وەك ئەم پیاوە کەم هەڵدەکەوێ دڵی بۆ فلسێ ماڵی دەوڵەت ئەسوزا نەیدەهێشت شتێ لە دایرە بە خۆرایی بروات تا رادەیەك بە دەستی خۆ لە ناو حەوشی ماڵانی خەڵك زەمبەلەی ئاوی دەبەست گلۆپی کارەبای دەکوژاندەوە وداوای لە ماڵەکان دەکرد ئاو وکارەبا

به فیروۆ نەچوێنن هەندە جار بە ئیش وکاری دایرە دەچوو بۆ هەولێر چەند دیناری بۆ خەرجی سەفەر وەردەگرت لە گەرانوەوی زۆربەی پارەکەی دەگەراندەوە خەزینە بەم ناوە کە لە ماڵی خزمان لای داوە زۆر هەڵوێستی دی لەم بابەتە ، گیرایانەوە رۆژێ قایمقام " شامل یەعقوبی " کەرکوکی دەنێری بۆ تەنەکەیەك گەچ کرێکاران لە ماڵ پێویستیان پێدەبی ، گەرچی مەلا فەتاح پێشەکی ئەزانی خۆی بە گرتن دەدات قبول ناکات دەڵێ ئەم گەچە ماڵی دەوڵەتە , مەلا فەتاح بە خزمایەتی نێزك بو لە ماڵێ مەلای گەورە , چاوی کزو پروشاوی بو بۆیە مەسعود محەمەد بە گاڵتە پێی گوتبو گەرچی خۆت زۆر نیزامی وقانونی بەڵام بونت بە فەرمانبەر بێ نیزامی قانونی یە ، هەروەك گێرایانەوە رۆژێ یەکێ لە دایرە داوای پێویستیەکی لێ دەکات ئەویش بۆی ناکات ودەڵێ بێ قانونیە کابرا تورەو نیگەران دەبێت ئەم چەند دێرە شیعرۆکەی بەسەر دا هەڵداوە :

مەلا فەتاحی کارەبا
رەبی خوا لەناوت با
مەلا فەتاحی فلس بە دۆن
سێ مەکینەت سوتاند
بۆ یەك قودووە رۆن

کۆڵان وشەقامەکانی کویە شەو بە لامپا رووناك دەکرانەوە بە تایبەتی کولانەکانی تەسك وبەردەرگای دایرەکانی حکومەت ، شەوانی زستان لەبەرباوباران خۆی رانەدەگرت زوو دەکوژانەوە .سەیر ئەوەبوو لە کولانە تەسکی ماڵی عەبدولواحیدی موختار لالەی لاچمەکەیان دەدزرێ ، ئیتر ئەمە زور بو بو مەلا فەتاح ، شەوی خۆی دادەنوسینی دزەی دەگری ودەیناسی ، دەخاڵەتی دەبی ناوی نەهینی بە مەرجێ لالەی لاچمەکە بو ماوەی سالێك بکەوێتە ئەستوی...!

شایانی باسە مەلا فتاح لە ماوەی چەندین ساڵ بە چالاکی و دلسۆزانە و لە خۆبردن لە خزمەتی شاری کۆیە بەردەوام بو لە گشت رووی شارەوانی ,جێی شانازییە بە هەولێ وتەقەلای ئەم شاری کۆیە بە کارەبا رووناك کرایەوە جگە لەبەردریژکردنی گەلێ کۆڵان وشەقام لە ناو شار وگەلێ خزمەتگوزارانی دی ، حەبیب کوری گەورەی مەلا فەتاح مامۆستای سەرەتایی هونینەوە ی شیعری هەبو وئەدەب دۆست .

شیخ حیسامەدین گەورەی تالەبانیەکان لە شاری کۆیە هێمن وبەرێزوخیرخواز ، پەیوەندی ودۆستایەتی زۆر خۆش بو لەگەڵ قایمەقامەکانی کۆیە بە تایبەتی کەرکوکی , هەمیشە وەك پێویست ئیشوکارو ویستەکانی خەڵکانی کۆیەی لە دایرەکانی حکومەت گەر تەگەرەیێکی کەوتوبا پێش رایدە پەراندو جێبەجی دەکردن بۆیە لەناو خەڵکان خۆشەویست وجێی وشوێنی دیاربو ، شێخ حیسامەدین گەرچی دووربو لە سیاسەت وحزبایەتی بەڵام هەرگیز نەمزانیوە بێتە کۆسپ بەر جموجۆلی مام جەلالی کوری لە مەیدانی سیاسەت وحزبایەتی ، ئەوەی سەرنج کێشە مام جەلال خودی خۆی زۆر زوو لە چوارچیوەی خێزان و بەرە بابی تاڵەبانیان ترازا بە رۆڵەی میللەتی کورد لە قەڵەم درا لە بارەی خۆمەوە هەروەك شێخ لەگەڵ باوکم دۆستایەتیان خۆش بو هەروهاش ئەیزانی هاوقوتابیەتیم وبرادەرایەتیم زۆر بەتێنە لەگەڵ مام جەلال زۆر رووی خۆش بو لەگەڵ من ، ئێستاش لە یادمە رۆژێ عارفەی جێژنێ لە نوسینگەکەی باوکم دەستی گرتم بۆ لای دوکانی-

جەمالی وهابەکەری- بە بۆنەی جیژنەوە جوتە پێلا وی نایابی بۆ کریم و وتی ئیمرۆش هەر لەم دوکانە بۆ مام جەلالم کریوە . وابزانم شێخ لە سالانی نەوەتەکان لە کەرکوك کۆچی دوایی کرد .

عەبولرەحمان چەلەبی لە دەولەمەندان و بازرگانانی کۆیە لە قەلەم دەدرا لە خێزانی ناسراووبەرچاو لە شاری کۆیە ، پیاوێ کرۆهێمن وبەرێز ، عەزیزی کوری گەورەی سەردەمێ لە قوتابخانەی ناوەند بە یکەوە بوین دۆستایەتی لەگەلْ خوێندن هەندە خۆش نەبو ، بیستم رزگاری کوری لەم دەمە جێنشینی شاری ( ئۆکلاند ) ە پایتەختی نیوزیلەند .

Newzeland عەبدولرەحمان چەلەبی بە دەستی درندەکانی ( حەرەس قەومی ) لە سالی 963 لە دەشتی کۆیە شەهید کرا,1 , لە کەسایەتیەکانی دی شاری کۆیە لە بازرگانان حاجی عەبدولواحید ، حاجی جەمال وحاجی مەجید کوری گەورەی – کەمال – یەك لە ئەندامانی پارتی پێشکەوتی کۆیە , دەمێك بو بە خاووخێزانەوە جێنشینی بەغدا بون هەر لەم شارەش کۆچی دوایی کرد هێمن ومەسرەف خۆش , لە ئەندازیاران مەجید عومەر ,2 ,وعەبدولخالق حەوێزی,3 ,وجەمال خورشید حەویزی ,4,هەروها عەلی عەبدولا ( باوکی ناسراو بە عەولا شەلْ ) لە لێپسراوانی پارتی لە کۆیە ناسراوبەرچاو چەندین جارلەبەر چالاکی حزبایەتی وسیاسی بەندکراوە, لەم سەردەمە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یە لە پارتی جێنشینە لە هاوینەهەواری سەلاحەدین لە هەولێر من بەش بە حالی خۆم بە ئەندازیاریم نەدیوە ، هەلبەتە گەلێ دی هەن لە م کەسایەتیانە پێیان رانەگەیشتووم یا لە بنەرەتا شارەزایان نەبووم ئەشبێ لەم دەرفەتە نایەنە یادم بەهەر حالْ بەگەرمی لە خەلکانی کۆیە داوای لێ بوردن دەکەم .

شایانی باسە گەلێ نوسەرو ئەدیب وجگە لە شاعیران لە کۆیە لە ماوەی پەنجا سالی رابوردو دەرکەوتن ، مەسعود محەمەدی کورە گەورەی مەلای گەورە – جەلیزادە _ لە دەرچوانی کۆلیجی ماف لە بەغدا بیرکارو بیر راوێژ بە سەدان وتاروباسی جۆراوجۆر لە ئەدەب ومێژوومەنتیق وفەلسەفەوزمان لە گۆڤارورۆژنامەکانی عەرەبی وکوردی بلاوکوردۆتەوە جگە لەپەرتوك وکتێب وبەرگ ، لەوانەی لە یادم بن کوردیەکان {چەند بەرگێك لە دیوانی حاجی قادری کۆیی ، مرۆڤ ودەوروبەر } کتێبەعەرەبییەکان { العظیم کورباتشوف ، لسان الکرد ، العقل فی المیزان } گەلێ دی ، بۆیە بەسانا دەتوانم بلێم مەسعود محەمەد دەولەمەنترین نوسەرە لە سەرتاپای عیراق ، هەروها لە نوسینەکانی زۆربەرەو فەلسەفەی میسالی دادەشکاند سەردەمێ کورسی وەزیری پێراسپاردرا تا کۆچی دوایی کرد جێگری سەرۆك {کۆری زانیاری عیراق } بو , مەسعود گەلێ هێمن وبەرێزوقسەخۆش وزمان پاراووزانا ، ناوناوە گەر بۆم سورابا لە مالیان لەگەرەکی عەدل لەبەری کەرخ لە بەغدا بە خزمەتی دەگەیشتم هەروها جاروارێك دەکەوت لە ژووری پارێزەران لە نێو بینای دادگای هەولێر پێی دەگەیشتم هەر لە هەمان کات گەلێ پارێزەرانی هەولێر – هەندێ نەیاندەناسی لە مەجلیسی کۆدەبونەوە گوییان بۆ قسە بەتام وجێژەکانی مەسعود شل دەکرد ، شایانی وتنە گەلێ ئێواران لە بەغدا ناسیارووددۆستانی ئەدیب ونوسەروپسپۆری کوردو عەرەب سەردانیان دەکرد .دەیانگێرایەوەکە د. عەبدولرەزاق محیەدین پرۆفیسۆری زمانی وئەدەبی عەرەبی سەرۆکی کۆری زانیاری عیراق گوتیویەتی: بەهێوای ئەوەم بگەم بە پلەی مەسعود محەمەد لە نوسین ورێزمانی عەرەبی.

عەبدولرزاق محەمەد ناسراو بە بێمار چەندین سالە نشتەجێی شاری بەغدایە بە سەدان وتاروباسی جۆراجۆری ئەدەبی ومێژوورەخنەوهەلسەنگاندن وزمانەوانی وگەلێ بابەتی دی لە دەیان گۆڤارورۆژنامەکانی کوردی بۆماوەی زیاتر لە سی سالْ بلاوکردۆتەوە زمان وقەلەمێ رەوان وبێ گرێ وبە تام وچێژ ، ماوەیەکی تەواو لە ( المدیریە العامە للدراسە الکردیە ) واتە

-: بەرێوەبەرایەتی گشتی بۆ خوێندن بە کوردی – لە بەغدا کاری کرد چەندین ساڵ لەم دایرە گوڤاری ( پەروەدەوزانیست ) ی دەرهینا هەروها لە{ دەزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی } واتە :{ دار الثقافة والنشر الکردیە } بە زۆر شێوە هاوبەش بو بەتایبەتی پاش خانەنشینی , گوڤارەکان ورۆژنامەی (هاوکاری ) لەم دەزگایە بەنوسینە جوانەکانی بەردەوام رازاندبۆوە , بیمار مرۆڤێ زۆر هێمن و بەرێزو رەوشتدار وکوردونشتمانپەروەر .

کەریم شارەزا مامۆستای سەرەتایی لەبنەماڵەی حەوێزیان وتاروباسی مێژویی وئەدەب وبابەتی کۆمەلایەتی ولیکۆلینەوەی زۆری لە گوڤارورۆژنامە کوردیەکان بلاوکردۆتەوە ، کەریم محمود شێخانی مامۆستای سەرە تایی هاوقوتابی ودۆستم لە مەیدانی ئەدەب و نوسین وزمانەوانی شوێنی دیارە زۆر شارەزا جگە لە زمانی کوردی لە عەرەبی وفارسی بە خوێندن ونوسین بە رادەیەك رۆمانی ( برا کوژی )ی رۆمان نوسێ روس لە فارسیەوە وەریگیراوەتەوە سەر کوردی لەگەڵ سەدان وتارو باس لە گۆڤارورۆژنامەکان بلاوکردۆتەوە [ لەسەردانەکەم لە دوا مانگەکانی ساڵی پار2004 بۆ هەولێر لە ماتەمی خوا لیخوشبو ئەدیب وشاعیری ناسراو –پیربال مەحمود لە مزگەوتی ناسراو بە – شێخی چۆلی – مەلبەندی راگەیاندنی یەکێتی سازی دەدا خۆش بەختانە پاش چەندین ساڵ بە دیدەنی کەریم شاد بوم , خانەنشینە لە سلێمانی لە رۆژنامەی –کوردستانی نوێ –ئۆرگانی یەکێتی کاردەکات ] ، مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری بەرێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی دووەم لە کۆیە ناسراوبەورده کارەکانی شیعروەرگێرانی چەند بابەتێك لە زمانی ئینگلیزیەوە ، هەناری مرۆڤێ بلیمەت و بەرێزوقسەخۆش وروشنبیر کوری گەورەی فوئاد,5 ،, { سەرەتایی وناوەندی لە کۆیە تەواو کرد ئامادەیی لەهەولێر ساڵێ بەدوای من , هاوقوتابیی و برادەریی و دۆستایەتیمان زۆر پتەو لە هەولێر ساڵێ 951-952 بە یەکەوە لە قوتابخانە بوین زۆربەی ئێواران لەدەراوپشتی شار رامان دەبوارد لەم ماوەیە ئێوارەیەك بەیەکەوە توشی روداوێکی نا ئاسایی بوین وابو لە گازینۆ هاوینیەکەی محطة – ئیستگەی شەمەندوفەر _لە هەولێر دانشتبوین لە پڕ کابرایەکی نامو لێمان پەیدابو وتی ئەتوانم بە عەرەبی قسەتان لەگەڵدا بکەم ئێمەش وتمان فەرمو کورسیەکی بۆ خۆکێشا کەوتە قسان سەیر ئەوەبو ناوی هەردوکمانی بە تەواوی دەزانی ئێمە لەدورەوە بەچاکی دەناسی درێژەی بە قسەکانی داو وتی من لە ئەمنی عامەوە – الامن العامە – هاتووم بۆ شیمالی عیراق پێویستیمان هەیە بە – وکیل- لەنێو قوتابیانی قۆناغی ئامەدەیی ئێمەش ئامەدەێن گشت پێویستی ژیان وقوتابخانە دابین کەین موژەتان بۆ دەبرینەوە تا کۆلێج تەواودەکەن , ئیمرۆ بۆ هەمان کار لە دهۆك گەراومەتەوە پاش کۆلینەوە بۆمان دەرکەوتووە ئێوە قوتابی زۆر رێك و پێکن وسەرکەوتوون لە دەرسەکانتان ئێمەش هەر کە گوێمان لە –ئەمنی عامە بو- زۆرترساین بێ وەی ورتەمان لێوەبێت کتێبەکەمان را پێچ داو کابرای عەرەبمان بە جێ هێشت یەکسەر بۆماڵ من لە گەرەکی – عەرەب – بوم سەیر ئەوەبو نێزك ماڵ ئاورم داوە ئەبینم کابرای عەرەب بەدوامەوەیە زوو بە پەشۆکاوی خۆم هاویشتە ماڵ ئیدی بۆ ماوەی مانگێ پاش دەوام لە ماڵ نە من نە فوئاد دەرنەچوین چیترکابراشمان چاو پێنەکەت ..هەروها لە ئەدییان وئەدەب دۆست مامۆستای سەرەتای عەبولخالق عەلائەدین [زۆر سەرکەوتو لە پوختە وپێداچونەوەی وچاپی دیوانی دڵدار , لە ساڵەکانی حەفتاکان لە سەدەی رابوردو نرمینی برازای دڵدار دیوانە دەستخەتەکەی بۆناردم بۆ چاپ کردنی بەلام بەداخەوە بۆم نەکرا ,بیستوبوم چەند ساڵێ لای دکتۆر مارف خەزنەدار مابۆوە , گیوی موکریانی پێشتر دوجار چاپی کرد بەلام کەمو کورتی زۆر بو ] . تاهیر سادق مامۆستاو بەرێوەبەری

قوتابخانەکانی سەرەتایی لە کەرکوك ئەدەب دۆست بە تایبەتی لە نوسین وخوێندنەوەی منالان وگەڵیّ دی.

ساڵی947-948 ئێمەی چەند قوتابی لە قوتابخانەی سەرەتای کۆیسنجاقی یەکەم پەرینەوە بۆ قوتابخانەی ناوەندی کۆیە لەمان مام جەلال وعومەرمحەمەددەمین وفەوزی عومەر { عومەروفەوزی وگەڵیّ هاوقوتابیانی دییم بون بە مامۆستای سەرەتایی }- ، دڵنیا نیم گەر کەریم محمود شێخانی و سمکۆ ئاسەف وئەمیر عەبدولکەریم وخالید عبدلواحیدو عەلائەدین حسین و چەند قوتابی دی لە هەمان ساڵ بە یەکەوە لە شەش پەرییوبینەوە گەرچی لە پۆلی یەکەم بەیەکەوە بوین یا پاشەوپێش کەوتوبوین، بیناکەی قوتابخانەی ناوەندی کەوتبوە رۆخی شار لایەکی گۆرستان دەورەی دابو نەخۆشخانەی کۆیەش کەوتبوە لایەکەی دی ، بینایەکی کۆن لە پێنج ژوور پیکهاتبو ،سیّ ژووری بۆ پۆلەکان دوانەکەی دی بو بەرێوەبەرو مامۆستاکان حەوشەکەشی بۆ هەندیّ یاری تۆپانیّ دەشیا ژمارەی قوتابیان بەگشتی نێزیکەی نەوەت دەبو پۆلی یەکەم لەبیست قوتابی رەت نەدەبو، لەم قوتابیانە کە لەم قۆناغە پێیان گەیشتم و لە یادم مابن : ئیبراهیم سابیر 6 سابیر عەبدوڵا ، عممان حەننا ، ئەندراوس هورمز ، مەجید سابیر ، خالید سەعید,7 ، تحسین ئەحمەد ، عەزیز عەلائەدین .لە یەکەم ساڵ شەوکەتە ئەفەندی بەرێوبەری قوتابخانەکە بو بۆ ساڵی دووەم گواسترایەوە بۆ سولێمانی وحاجی عەبدولرەزاقی موسلاوی هاتە شوێنی ، لەماوەی ئەم سیّ ساڵە مامۆستاکانمان بریتی بوون لە مامۆستا : جەلال شەریف مێژووجوگرافیاو وانەی ئەرکەکانی نیشتمانپەروەریی دەگۆتەوە هەروها شەفیق سابیر ، کەریم ئەحمەد بۆ وەرزەش ، دوو مامۆستای عەرەب ساحیب حەداد مامۆستای کیمیاو بایلۆجی مامۆستاییّ زۆر زیرەك وزاناو ودڵسۆز لەبەر جموجۆڵی حیزبایەتی وسیاسی میری ئەم سەردەمە لە بەغدای دورخستبۆوە ناسراو بو بە ئەندامیّ پێشکەوتوی ( حزب الشعب ) بەرابەری سیاسەتمەداری ناسراوی پێشکەوتووخواز ( عەزیز شەریف ) ، مامۆستا عەبدولکەریم شاکر ئەلئەعزەمی الاعظمي بۆ وانەی زمانی عەرەبی زانایێ پتەو لەزمان وریزمانی عەرەبی ئەدیب ودەستی شیعر هۆنینەوەی لیّ بەدی دەکرا زۆر دڵسۆزو بەرێز ئەویش لەبەر جموجۆڵی سیاسی لە بەغدا دور خرابۆە وازانرا ئەندامیێ پێشکەوتووی حزبی ( الوطن الديمقراطي ) – واتە نشتمانی دیموکراسی – بەرابەری( کامیل الچادرچی ) دەرس گۆتنەوەی زۆر بە تام و چیژ بەرادەیەك هۆگری ئەدەب وزمانی عەرەبی کردین من بەش بە حاڵی خۆم زۆر سودم لە دەرسەکانی مامۆستا کەریم وەرگرت بۆیە لە پۆلی چوارەم لە لقی ئەدەبی لە ئامەدەیی هەولێر لە تاقیکردنەوەی سەری ساڵ لە زمانی عەرەبی ووانەی ئایین تاقی نەکرام , لەم سەردەمەو چەندین ساڵ پاشتر قوتابی لە پۆلەکانی یەکەم ودووەمی ناوەندی وچوارەمی ئامادەیی گەر لە مەعەدەلی ساڵ نمرەکانی – نەوەت یا زیاتری هێنابا- لە تاقیکردنەوەی سەری ساڵ لەم دەرسانە تاقی نەدەکراوە خۆ گەر معەدەلی گشت دەرسەکان –هەشتاوپێنج –وبەرەوبان بووایە لە هەمو دەرسەکان تاقی نەدەکرایەوە، بەش بە حاڵی خۆم لە پۆلی دووەم لە کیمیاو جەبرو ئەندازەو لە دەرسیّ دی لە یادم نیە لە تاقیکرنەوەی سەری ساڵ لەم وانانە لیّ بوردرام تاقی نەکرامەوە هەروها فەوزی عومەرو عومەر محەمەددەمین لە چەند وانە تاقیکردنەوەیان نەکرد , مام جەلال لە پۆلی یەکەم ودووەم تاقیکردنەوەی گشت دەرسەکانی نەکرد بەڵام لە پۆلی چوارەمی زانستی لە هەولێر ئاگادار نیم . مامۆستای جەبرو ئەندازەوماتماتیك عەزرا جووێك خەڵکی بەغدا دوور خرابۆوە بۆ کۆیە بۆ ماوەی ساڵێك مایەوە زۆر زیرەك ودڵسۆز زور سوودبەخش . هەر لەم بارەوە شایەنی گۆتنە لەم سەردەمە بۆ کیژان قوتابخانەی ناوەندی نەکرابۆوە وابزانم کردنەوەی دواکەت بەدەگمەن هەندیّ لەمان لە هەولێرو کەرکوك خویندنیان تەواو کرد .

له سەردەمی پاشایەتی وسەرەتای قۆناغی دامەزراندنی کۆماری عیراق 958گەڵێ سیاسەتمەداروپیاوانی ناوداری حزبەکان وسەربەخۆی عەرەب بە بیانوی چەپڕەوی و جموجوڵی سیاسی یا بیروڕای نەتەویی رادیکاڵ بۆ شاروشارۆچکەکانی کوردستان وەك قەڵادزەو رانیەو کۆیەوئامێدی دووردەخرانەوە ئەوەی سەرنج کێشە لەم بارەوە دورخراوەکان لە هەر حزب یا بیروباورێك بان بە درێژایی مانەوەیان لەلایەن خەڵکانی کورد گەڵێ رێزیان لێ دەگیراو بەگشت شێوە خزمەت دەکران بۆیە لەم ماوەیەدا بیرو بۆچونیان لە ئاست کێشەی کوردوکوردستان بەگشتی دەگۆرا ، جیاوازی تۆپۆگرافی وهەواوکەش ودیاردەکانی سروشت لە لایەك ژیانی کۆمەلایەتی وئابوری وسیاسی وداب ونەرەتی گەلی کورد لە لایەکی دی ئینجا ئامانج و هێواوخەباتی رۆژانەی جەماوەر بۆ بەدیهینانی مافەنەتەوەییە دیموکراسیەکان بە گشتی بوبونە هۆی چونە ناوراستەقینەی کێشەی گەلی کورد ورەنگدانەوەی رێبازوبیروراو باوەری داشکاوپاڵپشت لە ئاست ئەم کێشەیە لەرۆژانی داهاتویان لە مەیدانی سیاسی وحزبایەتی .

دەڵێن ( کۆییاتی وخۆیاتی )بەلام لە راستی دا خەڵکانی کۆیە بە گشتی رێزوخزمەتی غەریبەیان زۆر مەبەستە هەرگیز نەمبیستوە فەرمانبەری ، مامۆستایی مێوانێ ناموگلەیان لە خەڵکانی کۆیە هەبوبێ یا نارەزایی خۆیان بەشێوەیەك دەربریبێ بە پێچەوانە گەڵێ لەمان بونە خزمانی کۆی یان لە کۆیە مانەوەوجێنشین بون فێری داب ونەرەت وزمانی کوردی بون .

قوتابیانی ناوەندی کۆیە بەبیروباوەروپەیوەندیان بەرێخراوانی سیاسی دوبەشی زەق بون ، زۆربەیان سەربەحزبی تەحەرور واتە حزبی شیوعی عیراقی ، ئەوانی دی سەر بە پارتی دیموکراتی کورد – بەدوایی کوردستان – بێ لایەن زۆر کەم بو گەرچی هەندێ قوتابی ئەرکەکانی ئاینی ئیسلامیان وەك نوێژوروژی لە مزگەوتەکان وقوتابخانە بە ئاشکرا بەجێ دەهینا بەلام هەرگیز رێکخراوێ ئاینی لەنێو قوتابیان تەنانەت لە ناو شاریشدا بەدی نەدەکرا .

سالانی خوێندنمان لە قوتابخانەی ناوەندی جموجۆلی سیاسی وحزبایەتی زۆر پەرەی ساند بە گەڵێ جۆرو لە گەڵێ مەیدان خۆی دەنواند , خۆپیشاندان وکۆبونەوەی جەماوەری و سیاسی و ئاهەنگی نەوروز وروبەروبون لەگەل دام ودەستگای میری توندوتیژ بەتایبەتی لەسەرە تای راپەرینەکەی گەلی عیراق لەکانونی دووەمی –ینایر سالی 948 ناسراو بە { الوثبة } لەهەمان کات گفتوگۆو گرژی و دەمەتەقە تا ڕادەی ڕکبەرکێ ودەمەقالی هەندێ جار دەست وەشان لە نێوان قوتابیانی هەردوو بەرەی شیوعی وپارتی لە نێوقوتابخانەو دەرەوەی رووی دەدا .

رۆژانی ساردو سۆڵەوسەرمای کۆیە ئێمەی قوتابیانی پۆلی سێ یەم لەوانەی وەرزەش بەر گڕپەگڕپی {سۆبەی دار }مامۆستا کەریم ئەحمەد و مام جەلال دەکەوتنە دەمەتەقە لەبارەی بیروباوری مارکس ولینین لە روانگەی مەسەلەی کوردومافەرەواکانی نەتەوەیی و گەڵێ بابەتی دیکە , لەم کاتەدا هەستمان دەکرد حاجی عەبولرەزاق بەرێوەبەری قوتابخانە خۆی لە پشت دەرگا دانوساندوە , ئیدی هەر ئەمەبو مامۆستا کەریم بۆ ماوەیەك بەند کرا بەدوایی دەستی لە فەرمانبەری کێشرایەوە.

ئەوەی راست بێ قوتابخانەی ناوەندی لەم سەردەمەمەڵبەندی خوێنەواری وروشنبیری و نشتمانپەرەری گەل بو بەرادەیەك گەر براوردبکرێ لەگەڵ ئەم سەردەمە زۆربەرزو پێشکەوتوتر بو , لە هەمان کات جموجۆلی سیاسی وحزبایەتی رۆلێکی تەواوی نواند لەهەمان کات گەڵێ دەرچوانی قوتابخانەی ناوەندی [ تاقیکردنەوەی بەکەلۆری ]لە دایرەکانی میری

بەموچەی باش دادەمەزران وبەسانا ئیش وکاری خەڵکانیان رادەپەڕاند , هەروها گەڵێ لەمان لەتەمەنی کەمتر لە بیست ساڵ دەکەوتنە بن باری ئەرکەکانی خێزانی وکۆمەلایەتی , ژنیان دەهێناو ئەبون بە خێزانی نو , ئەم دیاردەیە کەلێنێکی گەورەی لە نێو کۆمەڵ و ژیانی ئابوری پڕ کردەوە پێویستێکی تەواوی دابین کردزۆر سودبەخش بو , بەش بە حاڵی خۆم باوکم حەزی دەکرد منیش ئەم رێگایە بگرم بەلام من زیاتر چاووم لە خوێندن بو .

مام جەلال لەم قۆناغە هەڵیداو پێگەیی لەبارەی خوێندن ورۆشنبیری وبیروباوەری ونەتەوەیی و لەلایەك جموجۆلی سیاسی وحزبایەتی لەلایەکی دی , بلیمەتی وزیرەکی وچالاکی مام جەلال زۆر ئاشکراوبەرچاو بو خۆشەویست لەلایەن مامۆستاو زۆربەی قوتابیان وخەڵکانی کۆیە لە گفتوگۆدەمەتەقەودەمەقاڵی پشوودرێژ ومەیدان فرەوان لەگەڵ بناغەوسەکۆی بیری وفەرهەنگی بەتێن وپتەو و وەلام حازر بەدەست .بیروباوەری وهەستی لە چوارچیوەی کوردایەتی لە قالبی تیوری مارکسی لینینی دەسورایەوە . هەرگیز لایەنێکی کوردایەتی بە وردودرشتیەوە فەرامۆش نەدەکردوە بە زمان ونوسینی کوردی , مێژووداب ونەرەیتی , هێواوئامانجەکانی وپاشەرۆژی سیاسی ,مافەرەواکانی نەتەوەیی و دیموکراسی .

مام جەلال هەر لە قۆناغی سەرەتایەوە مەیدانی خوێندن وخوێندنەوەی وئامێرەکانی فەرهەنگ ورۆشنبیری بۆ روخسابو , ژوری تایبەت لە نێوماڵ هەروها رادیۆ کە لەم کات زۆر کەم بو گەڵێ کتێب و رۆژنامەکانی بەغداو گۆڤارەرەنگاورەنگەکانی میسری وەك [ الواکب ,الاثنین , اخر ساعه ... ] زۆر جار کتێب وگوڤارەکانم لێی دەخوازتەوە یان چاوم پێدا دەخشاند. مام جەلال شەیدای خوێندن وخوێدنەوە بو ئاسایی نەبو لەم بارەوە کتێب و گۆڤار خۆی لەبەر رانەدەگرت هەرگیز لە خوێندنەوە بێزاروماندو نەبووە لەهەمان کات خوێندنەوەکانی وەنەبێ روکەشی و لە کۆڵ کردنەوەبێ زۆر بە وردی و بیرتیژی وەری دەگرت هەرسی دەکرد بۆیە لەبیرورا دەربرین وبۆچونەکانی سیاسی ونەتەوەیی بەتایبەتی لەکاتی گفتۆگۆودەمەتەقە رەنگی دەداوە , وادەبو پاش چەند ساڵی ئاماژەی بۆنوسەری کتێبەکان دەدا ودەیزانی قەبارەی چەندەو لە کۆێ چاپکراون .مام جەلال لاوێکی شۆخ وکارامە ورێك وپێك هەمیشە پۆشتەوپەرلاخ ئەوەندەی لیێ شارەزابووم کورێنی ولاویەتی ورابواردنی لا ئەوەندە بەهەند نەبوو , خەمی گەڵ ودوا رۆژی وخەباتی دژواری رۆژانە نەیچڕاوی لەگەڵی ئەم جۆرە مەیدانە دورخستەوە . لەیادمە رۆژێ لە پۆلی سێیەمی ناوەند وشەیەکی کوردی بۆم نەدەسورا یا نەدەهاتە سەرزمان لەبەرخۆمەوە گوتم " وشەیەکی قۆڕە " یەکسەر مام جەلال بەتوڕەییەوە هەڵیدایێ گوتی " ئەمە زمانی کوردیە هیچی قۆڕ نیە خۆت لیێ نازانی " مام جەلال دەمێکە بە خەم زمان و نوسینی کوردیەوەیە ئەوەندەی بۆی دەکرا پارێزگاری دەکردن . بەلام جێی سەرسوڕمانە لەم سەردەمە گۆڤاری [ سیخورمە ]8 بە ئاشکرا زمان ونوسینی کوردی دەشێوێنێ ونابوت ورسوای دەکات لە ژێرپەردەی هونەری کاریکاتێرو رەخنەو گاڵتەوگەپ گەرچی نوکڵانەی ئەمە ناکرێ کەئەم گۆڤارە کەلێنێکی گەورەی لە رێرەوی ئەدەبی کوردی پڕکردۆتەوە چەندین ساڵانی رابوردو ئەم چەشنە بابەتەی بەخۆوە نەدیوە , سیخورمە بەم شێوە زمان ونوسینە مافی رەوا گەڵی کورد لە زمان و فەرهەنگی رەسەنی باوباپیران پێشیل دەکات , هەوڵدان وتەقەلاو ماندوبونی چەندین ساڵانی نوسەروئەدیبی کورد لە پێناوپالاوکردنی زمانی کوردی بە فیرۆ دەدات . بۆ نمونە واچەند دانەیەکی ئەم گوڤاررەم بەردەستە هەندێ لە نوسینەکانی دەخەمە پێش چاو [ ئیمتحانی کەفائە , دەلیلی سەفەروسیاحەت بۆ ئوروپا بە ئیسراحەت , عەڵەل ئەکسەر , مولاحەزە , مەسدەری فەن وسەقافە , ئەنواع وئەشکال موافەقەتی دەوێ , خەبەروتەعلیق , طـەواوبوو , ماویەطي] 9 گەلێکی دی . بەم شێوەیە ئەگێرنەوە لە کاتی خۆی مەلاکان شانازیان بەزمانی

عەرەبی دەکرد . جارێ یەك لەمان دەچێتە { مەیدانی کەران }بۆ بارەدارێ بە خاوەنەکەی دەڵێ { حەملی حەتەبی حیمارە ئەسوەدەکەت بە چەند دەراهیمی معدودە بەیع دەکەی } واتە بارەداری کەرە رەشەکەت بەچەند دەرهەمی بژاردە دەفرۆشی , هەروها لەبەنزینخانەکانی ئێران بە خەتی گەورە نوسراوە [ جمیع دوخانیات اکیدا ممنوع است ] واتە گشت جگەرەکێشان بە یەکجاری قەدەغەیە ] جگە لە{ است } وشەکانی دی بە زمان ونوسینی فارسی نین . هەڵبەتە کابرای خاوەن بارەدار لە مەلا ناگات وئەڵێ جەنابی مەلا من تورکی نازانم .

سەرنج کێشە هەرنەبێ نەوەی پەنجا ساڵ رابوردوی زۆربەی گەلانی ئیران هەزاران وشەو زاراوەو نوسین وقسەوگفتۆگۆێ رۆژانەی خەڵکان بە زمانی رەسەنی فارسی لەقەڵەم دەدەن گەرچی لە بنەڕەتا گشتیان هیچ پەیوەنیەکی فامیلی زمانەوانی لەگەڵ زمانەکانی ناسراو بە هیندی –اورپی کە زمانی فارسی لقێکە لەم فامیلە نیە لە زمانەکانی دی وەرگیراوە بەتاییەت زمان ونوسینی عەرەبی .

لەم بارەوەنمونەیەکی سەرپێ و بەردەست ئەخەمە بەرچاو , شەرەفەدین کوردستانی لە رەخنە گرتنی لە وتارەکەی ئەمینگەردیکلانی لە گۆڤاری سروە 10 دەڵێ: لە کوردیدا – ئەلسەییاد – بەکارناهیندرێ بەڵام سەیاد کەهەر سەییادی فارسی یە بەکاردەهێندرێ مانەکەشی ئاگالێبون وچاولێکردنە , هەروها دەڵێ: هەیەجان بەمانای شاگەشکە یانی شادبونی زۆر , خۆشی لەرادەبەدەر کەچی کاك ئەمین فارسیەکەی نوسیوە – هیجان . ئاشکرایە ئەم دو وشەناوبراو یانی سەێیاد وهەیەجان { الصیاد و الهیجان } وشەی عەرەبی رەسەنن { صاد یصید صیدا ا , هاج یهیج هیجانا } بەڵام شەرەفەدین وادیارە ئەویش ئاگای لەزمانی عەرەبی نیە هەردو وشەی بەفارسی لە قەڵەم داوە , تەنانەت مانای هەردو وشە دەبێ لە فارسی گۆرابێت , نە سەێیاد ئاگالێبونە نە هەیەجان شاگەشکەیە 11 لەم بارەوە لەم چەندرۆژە بە رێکەت کتێبی {خوێندنەوە } بۆ قوتابیانی پۆلی سییەمی سەرەتایی لە ئیران کەتە دەستم هەڵبەتە بۆ فێرکردنی منالان بە نوسین وخوێندنی فارسی , گەڵێ تێبینی زەقم هاتەبەرچاو جارێ هەرنەبێ لە سەدا چلی گشتی کتێبەکە بریەتیە لە وشەی عەرەبی رەسەن بە فەتحەوکەسرەوزەممە وشەددەوە ئینجا مانای وشە عەرەبیەکان بەفارسی ,بەڵام سەیر ئەوەیەگەڵێ وشەی فارسی بە وشەی عەرەبی مانای دراوەتەوە....! بەمەبەست هاسان کردن ورِوون کردنەوەی گەرچی گەڵێ لەمان لەگەڵ مانای عەرەبی نەستەق بەتەواوی نایگرێتەوە بۆ نمونە :

| | | |
|---|---|---|
| بپرستم : طاعت کونم | سرانجام: عاقبت | پاکزاد : نجیب |
| سرغاز :شروع | دشنام : فحش | همپایه :مساوی |
| گام : قدم | شایسته : مناسب | پیمان : عهد |
| پیروزی :موفقیت | ارامگاه : قبر , مقبره | سو :طرف |
| ستمگر : ظالم | | |

جەعفەر عەبدولواحیدی رەحمەتی بۆی گێرامەوە وتی : هاوقوتابیەکی فارس لە دانشگای تاران نکوڵی هەڵکێشانی عەرەبی بە زمانی فارسی یەوە دەکرد کەوتینە گرەو گرەوکاری زۆری دۆڕاند چونکەحەکەممان لەم بوارە پرۆفیسۆری ئەدەبی بەراورد بو لە دانشگاه خەڵکی میسر شارەزای قوڵی هەردوزمان هەبو هەروها جێی بوتمان هەردوکمان بو بە سەدان وشەی گراندەوە سەر عەرەبی تا فارسەکە مایە پوچ بو . .

ئەوەندەی ئاگاداربم تورك لە توركیاو توركمانی ولآتانی دی لەبەكارهینانی وشەكانی بیٌگانە بە قسەونوسین لە فارسەكان وگەلآنی دی ئیٌران كەمتر نین بەتايیەتی وشەوزاراوەكانی زمانی عەرەبی ئینجا كوردی وهەندیٌ لە زمانەكانی ئەوروپا بەلٌام گەلٌی تورك بەگشتی وەك گەلٌی ئیٌران هەست بەم دیاردەیە زمانەوانیە ناكەن , وشەو زاراوەكانی بیٌگانە بەتوركی رەسەن لە قەلٌم دەدەن بەتايیەتی پاش نوسینی توركی بە پیتە لاتینیەكان . شایانی گوتنە ئەم باسە ئەوەناگەیٌنی كە ئیٌمەی كورد بیٌبەرین لەم دیاردە زمانەوانیە لە راستی دا گەلٌیٌ وشەی عەرەبی رەسەن كەمتر فارسی وتوركی لە وتو ویٌژی رۆژانەمان ونوسین وخویٌندنەوەمان بەدی دەكریٌ بەلآم گەربەراوردبكریٌ لەگەلٌ زمانی فارسی وتوركی ئەم دیاردەیە كەمتر خۆی دەنویٌنی . عبدولمەسیح سەروەت {عبد المسیح ثروة } بەرەسەن ئەرمەن نوسەرو ئەدییی عەرەبی شارەزا لە زمانی ئینگلیزی وفەرەنسی وكوردی –دیالیٌكتی كرمانجی ژوروو – , پیٌشكەوتنخواز وچەپڕەو بە بیروباور چەند سالٌی لە شیٌستەكانی سەدەی رابوردو وەك مامۆستای سەرەتای دور خرابۆوە بۆ هەولیٌر دۆستایەتی لەگەلٌ ئیٌمە خۆش بو لەدانشتنەكانی بە یەكەوە زۆر جار بە گشتی لە مەسەلەی كوردی ئەدوا بەتایبەتی لەبارەی زمانی كوردی { ئەیوت جییٌ شانازی گەلٌی كوردە لەهەمان كات جییٌ سەرسورمانە نەتەوەی كورد تا ئەم سەردەمە پاریٌزگاری زمانی تایبەتی خۆی كردوە نەتوایتەوە لە نیٌو زمانەكانی دی لەرۆژهەلآتی ناوەراست گەرچی نەتەوەی كورد لە دەولٌەتی " مادەكان "ەوە – پیٌش چەند هەزار سالٌیٌك – دەولٌەتیٌكی یەكگرتووی بە خۆوە نەدیوە بە پیٌچەوانە وا گەلٌی كورد بە تیٌكرایی لە ماوەی چەند سەدەیٌكە دابەشی چەند دەولٌەتان كراوەو لە لایەكی دی كەوتوتە بەر ركیٌفی شارستانیەتی وفەرهەنگی وئەدەبی ئاینی ئیسلام ..} .

بیٌگومان زمانی كوردی بەنوسین وریٌزمان وریٌنوس وگشت بابەتەكانی ویٌژەو ئەدەبی كوردی لەسەرەتای سالآنی حەفتاكانی سەدەی رابوردو لە عیراق هەنگاوی گەورەی بۆ پیٌشەوە هاویشت12 گشت لایەنەكانی گەشایەوە وا ئیمرۆ ش سەدان رۆژنامەو گۆڤارو كتیٌب وپەرتوك بە زمان ونوسینی كوردی رەسەن ورەوان كەوتونەتە بەردەست وبازارەكانی كوردستانی پیٌ رازاوەتەوە هەلٌبەتە ئەركی گەورەی گشت دامودەزگای فەرهەنگی وروشنبیری و بلآوكردنەوەی كوردی و لیٌپسراودەستەی نوسەرانی رۆژنامەو گۆڤارو گشت چاپەمەنیەكان بەردەوام بونە لەسەر ئەم ریٌبازە نەتەوەیە , كەم تەرخەمی نەكریٌ لە گەشەپیٌدانی بە هەمولایەنەكانی بە هیٌوای بە دیٌهینانی زمان و نوسینی پاراوی یەكگرتووی میللەتی كورد لە سەرتاپای كوردستان .

لەبارەی زمانی رەسەن وپاراو ئاماژە بۆهەندیٌ نوسەروئەدییانی میسری پیٌش زیاتر لەنیوسەدەی رابوردو ئەدەم كە بەم نیازبون زمانی قسە پیٌكراوی رۆژانەی خەلٌكانی میسر {اللهجە الدارجە } لە نوسین وئەدەب لە رۆژنامەو كۆڤارەكان بیتە كار لە ژیٌر پەردەی ئەدەبی میللی , لەهەمان كات ئەم دیاردەیە لە لوبنان و مەغرب سەری هەلٌدا , هەلٌبەتە ئەم ریٌبازە مەترسیەكی تەواوی بەرەسەنی زمانی یەكگرتوی عەرەبی دەگەیاند بۆیە زوبەزو زۆربەتوندی بەرهەلٌستی لیٌكراوسەرنەكەوت لە هەمان كات گەلٌیٌ نوسرانی پیٌشكەوتنخوازی عەرەب ئەم هەولٌ وتەقەلایەیان بە پیلانی كۆنەپەرست ونۆكەرانی ئیمپریالیزم لە قەلٌەم دە دا بەتايیەتی دەولٌەتی فەرەنسا لەم كاتەدا .

لە عیراق لە سالآنی هەشتاكان لەسەدەی رابوردو لە كاتی شەری عیراق وئیٌران –ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش – لە عیراق قانونی پاراستنی زمانی عەرەبی رەسەن واتە [العربیة الفصحی ] دەركرد , بە روالٌەت مەبەست لە قانونەكە بەرهەلٌست كردنی هەرهەولٌدانیٌك بۆشیٌواندنی زمانی عەرەبی رەسەن بو وپاراستنی لە دیالیٌكتەكانی زمانی عەرەبی لە خواروی عیراق بە نوسین وخویٌندن.بەلآم لەراستی دا چەكیٌ بو دژی شاعیرانی میللی نشتمانپەروەر بە بەیت و شیعرەكانیان

رژێمی سەدامی فاشستیان رسوا دەکرد وەك ئاگری ناوپوش بەتاییەتی لە باشوری عیراق بلاوبونەوە کەتنە سەرزمانی جەماوەری عەرەب بە گەلێ شێوە لە بۆنەکانی ئاینی وکۆمەلایەتی خۆی دەنواند . موزەفەرئەلنواب –مظفر النواب- هەرە ناسراوی شاعیرە میللیەکان بەیت وشیعرەکانی تۆمارکراوی سەرکاسیێت بە ئاشکراونەهێنی ئەم دەست و ئەم مالی دەکرد , گەرچی  هەر لەم ماوەیە بەمەبەست بەرهەڵست کردنی شاعیرە میللیەکان {جمعیە الشعراء الشعبیین  }  واتە – کۆمەڵەی شاعیرە میللیەکان – بەرەسمی دامەزرا لە لایەن رژێم بە مەبەست کۆکردنەوەی شاعیرە خۆ فرۆشەکانی چڵکاو خۆر.. شایانی باسە کە خودی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵە نەك لەگەڵ قانونی –پاراستنی زمانی عەرەبی رەسەن – نەدەگونجا بەڵکو پێشیل کردنی ئەم قانونە بو .

با بگەرێنەوەشاری کۆیە وابو لە ساڵی 1948 وەفدێ لە یەکێتی گشتی قوتابیانی عیراق {الاتحاد العام لطلبة العراق  } – وا بزانم بەدەوەتی عومەر دەبابە13 هێشتا هەرقوتابی بو لە کۆلێجی یاسا {الحقوق  } – سەردانی شاری کۆیەی کرد , ئەوەی بزانم مام جەلال لە مانەبوو پێشوازی وسەردانی دەکردن . یەکێتی گشتی قوتابیانی عیراق رێکخراوێکی فرەوانی سەربە حزبی شیوعی بو , لە کاتێ لەم ماوەیە رێکخراوێك نەبو بەناو- یەکێتی قوتابیانی کوردستان – کۆمەڵەی واتە کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری KPX 14سەرەتای هەوڵدان بو بۆدامەزراندنی بناغەیەك لەم بارەوە بەلام سەری نەگرت .

لەم ماوەیە ژورێ لە – یانەی فەرمانبەران – جیاکراوە دەرگای کەوتبوە سەرشەقامەکەی بەر مزگەوتی گەورەی شار , زۆر رێك وپێك چەند مێزی چوارگۆشەبەچەرچەفی سپی پیاوێکی جووبەناو ئیلیاهو – کوردی نەدەزانی –بەرێوەی دەبرد . زۆربەی رۆژان لە هەرە ناسراوانی پارتی عەلی عەبدولا ومامۆستایان محەمەد ئەمین مەعروف وهەڤالانی لێی دادەنیشتن منیش بەش بەحالی خۆم لەم ژورە لە مام جەلال فێری شەترەنج بووم , وای بۆدەچم مام جەلال لەم ژورە پەیوەندی بە مامۆستا محەمەدئەمین دەکردو دەرس وکتێب ونوسراوی حزبی وسیاسی لێ وەردەگرت . هەرچونێك بێت ئەم ژورە زۆری نەخایەند قایمقام –سوبحی عەلی 15دایخست وهاویشتیەوە سەر یانە .

زۆربەی خانوبەرەی کۆیە لە خشت وقورو داروحەسیر دروست کرابوون زۆرجار خۆیان لەبەر بەفرو بارانی زۆروبەتێن رانەدەگرت ,خانوی دەوڵەمەندان ودەسەلاتداران نەبێ لە گەچ و بەردوشێلمان دروست دەکرا , هەندێ لەمان دونهۆم بوون .

وەرزی زستان بەگشتی زۆر لە سەر خێزانانی هەژاروکرێکارو جوتیارو زۆربەی خەڵکانی ناوبازار دەوەستا , کاروکاسبی وئیشی کرێکاران زۆر کز دەبوون لە هەمان کات رێگاوبان وبازرگانی سەخت وزەحمەت , کەلْ وپەلْ وپێویستیەکانی ناومالْ وژیان هەروها گەلێ جۆرە خواردەمەنی لە ناوبازار زۆر کەم وبەگران دەست دەکەوت لەوەدانەبوون زۆربەی خێزانانی کۆیە دەستیان کەویێت , لەلایەکی دی ژیانی کۆمەلایەتی وسەفەرو هاموشۆکردن وبۆنە فامیلیەکان لە کورتی دەد ا.

لە زستانی 948-949 بەفرێکی ئەستور لە کۆیە باری لە کۆلانەکان بەفر بە بڵندی زیاتر لە مەترێ کەلەکەی کردبو , خەڵك پێنەدەوستان بەفر لەبانوی خانوەکانیان رامالْ کەن , هەندێ لەمان لەبەر پالەپەستۆی بەفر خۆی رانەگرت وتەپین , هەیوانی مالێ ئێمە یەك لەم خانوانە بو , لەم وەرزە ناخۆش وسەختە ئێمەی قوتابیانی پۆلی سێیەم خۆمان ئامادەدەکرد بۆتاقیکردنەوەی گشتی واتە { بەکەلۆریا } لەم قۆناغە  گرینگە  بارودۆخی ئێمە زۆرنالەباروشێواو هەڵسورا , باوکم لەم مەیانە ژنی سێیەمی مارەکرد , بەفروشەختەوسەرماوسۆڵە , نەخۆشی وبێدەراماتی باوکم , بەناچاری بۆ ماوەیەك

گواستمەوە ماڵی- ئایشێ بەگی- پوری باوکم _واتە خوشکی- فاتیمەی- دایکی باوکم , تاکە برایان بەناوی -حەمەد بەگ - ئەویش تاکە کوری بەناوی -حمید- لەبنەماڵەی بەگزادەکانی کۆیە , حەمید ناسراو بە -حمید حەمەد - لە دەرچوانی کۆلیجی - دارالمعلمین العالیە -خانەی مامۆستایانی باڵا - لەدوا ساڵانی چلەکان لەسەدەی رابوردو . تاکە کوری- ئایشەبەگ- عەبدولقادرفەقێ جەرجیس- مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی لە ساڵانی حەفتاکان لە بەغدا ئەمری خوای کرد , حەمید کوروکیژی زۆرن لەسایەی دایکی پوختەو پتەوودڵسۆز زۆربەیان خوێندنی باڵایان تەواو کرد لەمان لە هەندەران پەرت وبڵاون, دەمێکە شانازی کیژی ناسراو بە جوان- بەخۆوخێزانی دانشتوی شاری -لیڤەرپول -ن لە ئوستراليا دەمێك خەریکی خوێندنی باڵابو , باوکی پێش چەند مانگێ لە هەولێر ئەمری خوای کرد .

لەتاقیکردنەوەی- بەکەلۆری- پۆلی سێیەم لەبەر نالەباری وەزعم لە وانەی بایلۆجی { الاحیاء } کەوتم بۆ دەوری دووەم , سەنتەری دەوری دووەمی گشت قوتابیانی لیوا هەولێر لەم ساڵ-قوتابخانەی قەڵعەی سەرەتایی کوران تەرخان کرابو , گەرچی بەیانی رۆژی تاقیکردنەوەم ماوەیەکی تەواو دوا کەتم - شارەزای کۆڵانە تەسکەکانی قەڵانەبوم- بەڵام لەگەڵ وەش بە رێوەبەری سەنتەر قبولی کردم وتاقیکردنەوەکەم کردلە ئەنجامدا نمرەکەم لە نەوەت زیاتر بو. هەر لەم ماوەیە گواستمانەوەخانوێکی دی لە گەرەکی بایزاغا نێزك بە مزگەوتی مەلای گەورە -جەلیزادە- مامۆستای سەرەتای بەناو -نەزیرە 16لە خەڵکانی هەولێر-لەگەڵ دایکی و دوخوشکی وبرایەك لەقاتی یەکەمی هەمان خانو نشتەجێ بوون , دارتوە یەکی گەورە و بە پەرو پۆ کەوتوبووە ناوەراستی حەوشی خانوەکە , ژێر ئەم دارەتووە بە درێژایی دو پشوی وەرزی هاوین شوینی حەسانەوەو خوێندنەوەونوستنم بو , شەوان لەسەر قرێۆلەکەم رادەکشام تا بەرەبەیان بێ ئەوەی هەست بە بێزاری و ماندوبوون بکەم لەبەر فانۆسی نەوتی قەد دارەکە بە دەیان کتێبم خوێندەوە , لە لایەکی دی هەرلەم ماوەیە خوشکی گەورەم گواسترایەوە بۆ کوری خالم - جەواد رەسول -لە هەولێر منیش بە دوای ئەم - بەچەند مانگێ -هەر لەماڵێ خالم بو خوێندن لە پۆلی چوارەمی ئامەدەیی دامەزرام , سامی برام لەتەمەنی چوارپێنج ساڵان بو مایەوە لای باوەژن بێ منداڵ بو- زۆری خوش دەویست - تا کۆچی دوایی باوکم لە پایزی ساڵی952 .

رێگای کۆیەو هەولێر و کۆیەو کەرکوك لەدوا ساڵانی سی یەکان لەسەدەی رابوردو کرانەوە , لەم سەردەمە لۆری گەورەو پاسی دار بەتايیەتی لە هاوین بۆ کۆیە هاتوچویان دەکرد لە کاتێ بەدەگمەن ئوتومبێلە بچوکەکان ناسراو بە- قەمەرە-بەدی دەکرا هەردو رێگا بە وردەبەردو زیخ وخۆڵ تەخت دەکران لە وەرزی زستان بەبەفروباران هەڵدەوەشان بۆیە لە زۆربەی هاوینان دایرەی ئەشغاڵ لە کەرکوك کرێکاری بە کرێ دەگرت بۆ چاك و تەخت کردنی رێگاکان , لە یادمە- سالح - ناوێ زۆر لای باوکم دادەنیشت چاوەدێری ئەشغاڵ بو لە کۆیە ئەم پەنجا تا سەد قوتابی و خەڵکانی دی شار بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەخست , وا باو بو کە سالح نا ساڵحە لە گەڵ هەندێ کریکاران نیوبەنیو رێك دەکەوت بێ ئەوەی دەست لە کاربدەن لە لایەکی دی ناوی درۆی دەخستە ناو لیستەکان رۆژانەکەی بۆ خۆ وەردەگرت , هەرچۆنێك بێت ئەم کارە بۆ شاری کۆیە زۆر سوود بەخش بو .لە کۆیەوە بە نێزیکەی دە کیلۆمەتر رێگاکە ئەبوبەدوبەش , رێگای- تەقتەق { تاکە ناحیە ی سەر بە کۆیەوە لەم سەردەمە, کەتوتە سەر زێی بچوك } چەندین ساڵ خەڵك وکاروان و ماڵ وماڵات کەڵ وپەڵ بە کەڵەك لەم زێە دەپەرینەوە تا پردێکی ئاسنی بۆ دامەزرا - لە وێوە

بۆ کەرکوک , ئەویدی بۆ- دێگەڵە { کەوتوتە دۆڵێ دابەزین وسەرکەوتنی ئوتۆمبێل زۆر زەحمەت وبە ترس بوو بەتایبەتی لە وەرزی زستان چەندین ساڵە مەڵبەندی ناحیەی خەباتی سەربەکۆیەیە }لە وێوە بۆ – هەولێر لەم بەروئەوبەری هەردولا گەڵێ گوندودێی بچووک بەدی دەکران , گوندی – تۆبزاوە- لەلای راستی رێگا –هەرمۆتە 17 لەلای چەپ نێزکترین گوندەکان بوون بۆ کۆیە , تۆبزاوە کەوتوتە نێودۆڵەکی رەنگین پڕ دار گوێزو هەرمی وترێو هەنارو میوەکانی دی , لەیادمە رۆژێ هاوینی گەرم لەگەڵ دو برادەری دراوسێ مناڵی هاوتەمەن یەک لەمان- کەریم عەبولرەزاق-[ لە دەرچوانی – دارالمعلمین العالیە- واتە خانەی مامۆستایانی بالآ – چەند ساڵێ پاش من , لەسەردانەکەم بۆ هەولێر لە دوامانگەکانی ساڵی رابوردو 2004 شاد بووم بە دیدەنی , سەرپەرشتی پەروەردەیە لە بەرێوەبەراتی پەروەردە لە هەولێر ]- بە پێی یان خۆمان گەیاندە تۆبزاوە من شەوێ مامەوە لەماڵێ – نەخشین- ئەم شەوە مانگەشەوبو لە گشت ژیانم بەقەد جوانی ئەم مانگە شەوەم لەم دۆلە نەدیوە , چێشتانی رۆژی دوایی بەتەنیا گەرامەوە ماڵ . نەخشین ئافرەتێ تۆبزاوەیی حەفتەی سێ چوار ئێواران لەبن دیوارێک نێزک ماڵی ئێمە لە گۆرەپانی جاسم اغا دادەنیشت بەتەک مەشکەیەک شیری سەخت بادەی بە انەیەک – چوار فلس- یا دەیگۆریەوە بەبرنج وشکرو ساوار هاموشۆی ماڵی ئێمەی دەکرد ئێوارەی درەنگ شەولامان دەمایەوە, – جەوادی –کوری شەفیق ئاغای حەوێزی – ئاغای گوند – هاوقوتابیمان بو لە قوتابخانەی ناوەندی کۆیە , بە ولآغ هاتوچی قوتابخانەی دەکرد , لە یادمە لە کاتی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵی بەفرەئەستورەکە جەوادو برادەری هاوقوتابی – عەبدەی سۆفی کەریم- کە لەگەڵ جەواد گۆیا بۆ دەرس دەورکردنەوە چوبو بۆگوند بەیانی زوو لەکاتی هاتنەوەیان بۆ قوتابخانە لەسەر ولآغ بە جووتە رەق بوبونەوە لە ناوحەوشی قوتابخانە کەتن قوتابیەکان بە هانایان گەیین لەمردن رزگاریان بو , عەبدە زۆر سوحبەت چی وقسە خۆش بو دەیگۆت : هەندەی نەمابو خۆم شەهیدی پاروەک قبوڵی کەم ...! سندانم بێ لەشلە ساوار زیاتر نەبو ...! وابزانم نە جەواد نە عەبدە قۆناغی ئامادەی یان تەواو نەکرد .

پێش گوندی تۆبزاوە بەیەک دوو کیلۆ مەتر گردێ بەناوی { سەرکی کافران}هەڵکەوتووە ئەبوا هەر رێبوارێک بەلای رەت بێت نەعلەت لە شەیتان بکات وشتی پیسی بەسەردادات گۆیە گۆری ئەم کافرە هاوولآتیانەن بەرگری هێزی عەرەبەکانیان کردووە لە کاتی غەزای ئیسلامەکان بۆ ئەم ناوچەیە, بە پێچەوانەی دۆڵی – سەحابان – کەدەکەوێتە پشت چیای باواجی بەرەو گوندەکانی خۆشناوەتی کۆیە وەک گوندی سماقولی , سوسێ وکێشکێ ... گەڵێ گۆر لەم دۆڵە راکشاون گۆیا گۆری ئەسحابە عەرەبە ئیسلامیەکانن شەهید کراوون , دەبوالەهەرسەر دانێک و رەتبونێک فاتیحەو رەحمەتی خوای بۆ پێشکەش بکرێت , هەڵبەتە ئەم ئاوە مەلاکان رشتویانەو بڵاویان کردۆتەوە , سالآنە لەوەرزی هاوین گەلێک لە خێزانانی کۆیە بۆ سەردان وسەیران کردن بۆ ئەم دۆڵە شەو دەمانەوەو خیروخێراتیان دەکرد لە یادمە جارێ لەگەڵ کۆمەڵی برادەرو هاوقوتابی بە ناوی سەیران شەوێ مانگەشەو لەم دۆڵەم رابواردووە , بیستومە ئەم دیاردەیە لە گەڵێ شوێنی دی لە کوردستان بەدی دەکرێ

**غەفوری  میرزا کەریم لە پەراوێزیك لە کتێبەکەی بەناوی {کێومالێ بەناو بیرەوەریەکانمدا نەورۆزی 2000 لاپەرە4 7 و75} دەڵێ: لەکتێبی کوردستان وئاینی ئیسلام کەلەساڵی970 لەلایەن مەلا رۆوف سلیم حەوێزیەوە دەرچوە18وە, باسی چۆنیەتی هاتنی لەشکری ئیسلام لە ناوچەی پشدەرو مەنگوڕو مەرگەو ...هتد ..دەکات, هەرچەندە مامۆستا رەنجێکی بە بڕشتی داوە لەم مەیدانەدا , بەڵام خۆزگە باسی ئەم سەرچاوانەی دەکرد کە ئەم باسەی لێهەڵێنجاوە, هەروها مەلیك هەژدەری بە مەلیکی کورد داناوە , کەمن وای بۆ دەچم هەژدەر لە – اشتر –ی عەرەبەوە کە ناودارێکی ئیسلام بووەهاتووە, کە ئێستاکە مەزاری لە شارباژێڕەو خەڵکی بۆنەخۆشی باداری وچاوئێشە زیارەتی دەکەن , تەنانەت خاووخێزان زۆرجارکەئەچن بۆزیارەتی شەو لە پەنای مەزارەکەیدا دەمینێنەوە, هەروها نیزیك ئەم مەزارە مەزاری – پیری شەکێل– یش هەیە کەکەوتۆتە بەردەم کانیاوێکی خۆش, دوبارە خەڵکی لەبەهاردا بە خاووخێزانەوە بۆچارە سەری نەخۆشی شەو دەمینێنەوە, هەروها لەناوچەی شارباژێڕیشدا  گردە –زوبێر–یش کە گردەکە بەناوی زبێر { یەکێکە لە ناودارانی ئیسلام] ناونراوە دوایش گوندی گردەزوبێریان بەوناوەوە لە پاڵیدا ئاوەدان کردۆتەوە. خەڵکی ئەم دێیە لە دەمی باب وباپیرانەوە دەگێرنەوە کە لەناو ئەم گوندەدا تیروکەوان وشمشێروشتی کۆنیان دوزیوەتەوە......**

**بەرامبەر گردی سەرکی کافران لە کۆیە بینایەکی بچوك هەبو بە بەردوگەچ بە سێ تاق دروستکراو پانایی لە دومەترونیو –سێمەتر زیاتر نەبو  ناسرابو بە { سێ تاقان } لە کوڕنەکی بیناکە کوپەیێکی گەورە لەسەر سێپایەکی دار دامەزرابوو لە کاتی خۆی دەسەلاتدارانی کۆیە هەندێ جار خێرخوازی حاجی و دەوڵەمەندانی کۆیە رۆژانە کوپەکەیان پڕ ئاودەکرد بۆ کاروان و رێبوارو سەفەرکەران , هەروها شوێنی ئامیرێکی روناك کردنەوە بەقەد دیوار بە دی دەکرا گەر لاڵە یا فانۆس یا شەپلتەبێت , بەمنداڵی لە گەڵ برادەران وهاوقوتابیەکانم هاتوچوی سیتاقانمان دەکرد لەم کات هێشتا کوپەڵە شکاوەکەی بێ ئاو لە شوێنی خۆی مابۆوە .**

***پەراوێزەکان***

***1 – حەرەس قەومی میلیشیا چەکدارە درندەکانی حکومەتی بەعس ساڵی 963***

***2– لە دەرچوانی کۆلیژی ئەندازە لە بەغدا لەسەرەتای سالانی پەنجاکان لەسەدەی رابوردو , مرۆڤێ هێمن و بەرێزوروشنبیر , دەستپاك ودڵسۆز لە ئیشو کاری  چەند ساڵێ ئەندازیاربو لە شارەوانی هەولێر بە شێوەیەك پەیوەندی هەبو بە پارتی , موتەسەریفی هەولێر ...***

***{ بەدرەدین عەلی } درەنەوشۆڤینیست دوری خستەوە بۆ دیوانیە لە خواروی عیراق هەندەی نەبر بو بە سەرۆکی شارەوانی ئەم شارە , برادەریی ودۆستایەتی زۆر خۆش بو لەگەڵ ئێمە لەم دوایەوامزانی کە خانە نشینە لەبەغدا .***

***3 _ لە بەرەبابی حەوێزیەکان لە دەرچوانی کۆلیژی ئەندازە لە  بەغدا ماوەیك کۆنتەراکچی بو لە بەغدا  پێش ئەوەی بکەوێتەرگەر بزوتنەوە چەکدارەکەی گەلی کورد لە هەشتایەکان لە سەدەی لە سەدەی رابوردو***

***4– لە بەرەبابی حەوێزیەکان ئەندازیار چەندین ساڵ کۆنتەراکتچی لە هەولێروبەغدا مارکسی رادیکاڵ  بەبیروبرواگەڵێ جار لەدانشتنەکانمان دەکەوتینە گفتوگۆ لەبارەی شیوعیەکان و کێشەی گەلی کورد زۆر جار نەدەگەیشتینە یەك , لەدوا سالانی هەشتاکان لەسەدەی رابوردبەنەخۆشی شێرپەنجەلەبەغدا کۆچی دوایی کرد .***

5- کۆلیجی پزیشکی له بەغدا تەواو کرد پاش چەند ساڵێ ژنی هێنا هاوقوتابی خۆی بەناو { بُثينة چەلەبی} ,- بوسەینە- هەندەی نەبرد له ساڵانی شێستەکان له سەدەی رابوردو خۆیان گەیاندە ئینگلستان پاش ئەمە کە هەردوك گەیین بە پلەی specialist خێزانی کۆچی دوایی کرد
تەرمەکەی له بەغدا بە خاك سپێردرا د. فوئاد تا ئەم رۆژگارە لەلەندن جێنشینە .خۆش بەختانە له مانگی ئابی 2004 رابوردو له لەندەن پاش نێزیکەی چڵ ساڵ بەدیدەنی شاد بووم رۆژێ بەیەکەوە رامانبوارد.
6-ئەبێ هەر ئەوهاوقوتابیمان بێت له قوتابخانەی ناوەندی کۆیی لەمەیانی ساڵی 949-951 کە چەند ساڵە گەلێ نوسینی نایابی لێ دەخوێنمەوە بەناو دکتۆر ئیبراهیم وابزانم لەم سەردەمە نشتەجێی دەوڵەتی سویدە , ئیبراهیم له دەورانی ئێمە زیرەك وچاپوك له هەمان کات دەوراستی قوتابیانی سەر بە حزبی تەحەرور له وتووێژو دەمە تەقە له بارەی سیاسی توندو رادیکاڵ ,
7- خالید له پێش ئێمەوەبو له قوتابخانەی ناوەندی , لێپسراوی شانەکی قوتابیانی سەر بە پارتی بو له یادمەجارێ له کۆبونەوەکماندا له بابەتێکی مارکسی بە نوسین تاقی کردینەوە زۆر توند بو ئەیوت گەر سەرنەکەون له دەرسانە ناگەن بە پلەی ئەندامەتی , ئیدی پاش پۆلی سێ یەم لێك دابراین له دەرفەتێکی دی زیاتر له خالیدی رەحمەتی ئەدوێن.

8- ناوەندی چاپەمەنی وراگەیاندنی خاك له سولیمانی دەری دەکات
9-ژمارە81و83و84و85ساڵێ چوارەم2000 کەوتە دەستم له سدنی .
10- ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییوبی له ارمیە-ئیران دەری دەکات
. 11- لاپەرە 76 و77 له ژمارە 167 له گوڤاری سروەی ناوبراو .
**12**_-- لەم بارەوە بەیانی 11 ئازاری 970 ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەوری خۆی نواند
13- چیشتانێك ساڵی 973 یا974 له نوسینگەی -وزیری پەروەردە- عەبولخالق مەحجوب روبەروی عومەر دەبابە بوم لەم کات پشکنینەری پەروەدەبوم لەنێو دیوانی وزارەت کارم دەکرد , پاش چاك وچۆنی گوتی : سورەیا واتە هاوسەری کە خوشکی مەسعود محەمەدی مەلای گەورەیە زۆر پەرۆشە بۆ قوتابخانە وەو دەرس وتنەوە - مامۆستای زمانی عەرەبی - دەیەوێت بگەرێتەوە کار دەمێك بو لەم مەیدانە لەبەر بارودۆخی سیاسی عومەر دوورکەوتبۆوە , منیش بەلاوە بەرێوەبەری نوسینگای وەزیرم ناساند, ئیدی نازانم چی بوو... بەلام نەمبیست سورەیا گەرابیتەوە فەرمانەکەی .
14- بروانە بەشەکانی پێشو لەم بارەوە .
15- پاش راپەرینەکەی 948{ سوبحی عەلی }کرا بە قایمقامی کۆیە بۆ کپ کردنی بزوتنەوەی سیاسی ونەتەوەیی لەم شارە . بروانە بەشی {پێشوE } . سەیر ئەمە بو ساڵی 956 -957 تازە بە مامۆستا له قوتابخانەی ناوەندی له ناحیەی { تلکێف } سەر بە قەزای ناوەندی موسڵ دامەزرا بووم سوبحی عەلی کە قایمقامی ناوەندبو سەردانی تلکێف و قوتابخانەکەی کرد کە زانی من کۆییم زۆری پێ ناخۆش بو وتی بۆ له کۆیە دانەمەزرای قوتابخانەی ناوەندوئامادەیی هەیە منیش وتم ئێرە عیراقە هەمو شوێنیك بومن یەکە بەڵام گەر ئەتوانی بۆکۆیەم بگوازەوە . بروانە بەشی d
16-نەزیرە مامۆستاو بەرێوەبەری قوتابخانەی کچانی سەرەتایی , بەمەزەندە یەکەم کەس بو بێ له عیراق تیرۆری سیاسی کرابێ بێ ئەوەی زامدار بێت . له هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی عیراق ساڵی 952-953 دۆستایەتی زۆر خۆش بو لەگەڵ ماڵێ مەلای گەورە لەم کات پرۆپاگەندەی بۆ مەسعود محەمەد دەکرد کە خۆی کاندید کردبو بۆنۆینەری شاری کۆیە دژ مەلا حەوێزاغا بۆیەکارەکەش خراپە پاڵ ئەم . شووی بە کۆیان کرد وئەوەندەی ئاگەداربم خانەنشینە له هەولێر.
17- له دێرینەوە گوندی مەسیحیەکانە بەتەك شاری کۆیە کەنیسەیەکی گەورەی تێدایە , بەدوای پرسیارەکەم لەبەشەکانی پێشووی بیرەوەریەکانم لەبارەی بوون ونەبوونی کەنیسە له ناو شاری کۆیە له گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی له گەڵ دکتۆر عەبدولستار شەریف کە لەم رۆژگارە له - نیوزیلەند - نشتەجێ یە بۆی روون کردمەوە کە لەنێوشاری له کۆنەوە کەنیسە هەیە, کە له ساڵی 969-970 قایمقامی کۆیە

***بووه قەشەکانی ئەم کەنیسەیە سەردانیان کردوە تا جارێك سێ دانە کتێبی ئینجیل بە زمانی کوردی یان پێشکێش کردوە ئەمیش لای خۆ دانەیەکی پێشکەش بە بەشی کوردی لە کۆری زانیاری عیراقی کردوە .***

***18- مەلا رەئوف لە قۆناغی سەرەتاییم لە گەل ٙکورەکانی هاوتەمەنم لە گۆرەپانە بچکۆلەکەی بەرماڵمان بەیەکەوە یاریمان دەکرد بە تایبەتی قاشوانێ , خان وبەرەی مەلا رئوف کۆن وگەورەو دوو نهۆم روبەروی ماڵی ئێمە لە گەرەکی بەفری قەندی , پیاوێ کەڵەگە ت کەواو چاکەت لەبەر عەبا بە شان چەند جار دیومە کتێبی بۆ هاوسەری بەدەنگ خوێندیتەوە دەیگۆریە سەر زمانی کوردی . .***

---

***تێبینی :***

***لەمانگی ایار –مایو –ساڵی 2001 نوسراوەتەوە , لە مانگی کانونی دووەم -ینایر – پێداچومەتەوە .***

***ماوێتی***

***ئوستراليا***